مامۆستایەکی ئایینی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سزای لەسێدارەدانی بەسەر سەپێندرا

مەحەمەد خزر نەژاد مامۆستای ئایینی خەڵکی شاری بۆکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە لە ماوەی خەپیشاندانەکانی ساڵی ڕابردووی ئێران دەستگیرکرابوو، لێلایەن دادگای ئێران لە ورمێ سزای لەسێدارەدانی بەسەردا سەپێندرا.

بەپێی هەواڵەکی تێی ماڤەکانی مرۆڤی کوردستان مامۆستا مەحەمەد خزر نەژاد تەمەن 45 ساڵ، کە بەهۆی پشتیوانی لە سەرهەڵدانی خەپشاندان زیاتر لە ساڵێکە لە زیندانداید، بە تۆمەتەکانی "خراپکاری لەسەر زەوی"، "زیانگەیاندن بە یەکپارچەیی خاکی وڵاتەکە" و "بانگەشە لە دژی سیستمی دەسەڵاتدار" سزای لەسێدارەدانی بەسەردا سەپێندراوە.

ئەمەش لە کاتێکدایە، کە ئەو مامۆستا ئایینیە لە دادگا ڕایگەیاندبوو، کە لە ژێر ئەشکەنجەی قورسی جەستەیی و دەروونیدا ناچار بە دانپێدانان بە تۆمەتی ساختەدا کراوە.